شریتی سوور لەو شوێنانە دراوە کە مەترسی خنکانی لەسەر لە شوێنە گەشتیارییەکان

شریتی سوور لەو شوێنانە دراوە کە مەترسی خنکانی هاوڵاتیانی لەسەرە.

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، "دوای زیادبوونی ڕووداوەکانی خنکانی هاووڵاتیان و گەشتیاران لە ڕووبار و دەریاچەو چەمەکان لە وەرزی هاویندا، بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرگری شارستانی و پۆلیس ئەو شوێنە گەشتیاریانە دادەخرێن کە لە ماوەی ڕابردوو هاووڵاتیان و گەشتیاران لێیان خنکاون و مەترسیدارن بە مەلەکردن". ئەم کردارەی وەزارەتی ناوخۆ بە ئامانجی کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی قوربانی زیاترن.

وەزارەتی ناوخۆ داوای لە هاووڵاتیان و گەشتیاران و کەمپانیاکانی گەشتوگوزاریان کرد کە پابەند بن بە دوورکەوتنەوە لەو شوێنانەی شریتی سووری لێدراوە و هەما و تابلۆکانی قەدەغەکردنی مەلەی لە هەواسراوە.